گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:https://doi.org/10.26750/4rw22x17

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ئاڵوگۆڕی دیاری لەنێوان سوڵتانەکانی مەمالیکی دەریایی و هێزە ئیسلامییەکان

جوتیار خالد حسن١ - احمد رضا احمد٢

ahmed.mejw@uor.edu.krd Jutyar.131123019@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لە نیوەی دوەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی و لەنیوەی دوەمی سەدەی سێزدەیەمی زایینیدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دەوڵەتی مەملوکی لە میسر و شام و فەرمانڕەوا ئیسلامییەکانی دەوروبەر پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەم پەیوەندییانە، کە بە "پەیوەندی دیپلۆماسی" ناسرابون، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی شاند و نامە و واژۆکردنی پەیماننامەوە ئەنجامدەدران و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر دارشتنی بڕیارە سیاسیی و سەربازییەکان هەبو، ئاڵوگۆڕکردنی دیارییەکان لە نێوان هێز و فەرمانڕەواکانی مەملوکی گرنگییەکی زۆری پێدەدرا و بەشێکی دانەبڕاوی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بو، نرخ و بەهای دیارییەکانی دەوڵەتی مەملوکی کاریگەریان لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی سیاسی هەبو وەك نوێکردنەوەی بەرگی کەعبە ساڵانە لەڕێگەی سوڵتانەکانەوە بەمەبەستی چەسپاندن و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی مەملوکی بەسەر تەواوی جیهانی ئیسلامیەوە وەك نوێنەری سەرەکی موسڵمانان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە پتەوکردنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لەگەڵ دەوروبەر و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان دەوڵەت و هێزە سیاسییەکاندا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئاسایش و ئەمنیەت لە نێوان بەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، کە موسڵمانان بتوانن مامەڵە ئابورییەکانیان ئەنجام بدەن، هەروەها دەیانویست لە ڕێگەی ناردنی دیارییە گرانبەها و دەگمەنەکان، وەک خشڵ و زێڕ و کەلوپەلی جوانکاری و بەردی بەنرخ، هێز و شکۆی خۆیان نیشان بدەن، کە ڕێگەیەکی گونجاو بو بۆ نیشاندانی هێز و سامانی دەوڵەتی مەملوکی.

**کلیلە وشەکان:** دیارییەکان، لایەنی سیاسی، لایەنی سەربازی، مەملوکی، هێز و دەسەڵات.

# The Exchange of Gifts between the Mamluk Rulers and the Islamic Forces

Jwtyar Khalid Hassan[1] - Ahmed Razha Ahmed[2]

[1+2] Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania-,Kurdistan .Region, Iraq.

**Abstract**

In the second half of the seventh century of the Islamic calendar and the second half of the thirteenth century AD, the political relationship between the Mamluk state in Egypt and Levant and the Islamic leaders in the area was significantly improved. Such relationships, known as 'Diplomatic relationships', were established through the exchange of delegations and letters as well as signing memorandums of understanding, which in effect directly influenced political and military decisions. The Mamluk rulers paid special attentions to their gifts which were an integral part of their diplomatic ties; valuable gifts affected important political aspects, The value and significance of the Mamluk state's gifts had an impact on several important political aspects, such as the annual renewal of the Kaaba's covering by the sultans. This was intended to solidify and legitimize Mamluk authority over the entire Islamic world as the primary representative of Muslims. On the other hand, it served to strengthen diplomatic relations with neighbouring regions, resolve conflicts between states and political forces, and endeavour to establish security and safety among the parts of the Islamic state. This was to ensure that Muslims could conduct their economic transactions. They also sought to demonstrate their power and prestige through the sending of valuable and rare gifts, such as jewelry, gold, cosmetic items, and precious stones, which was a suitable way to showcase the power and wealth of the Mamluk state.

Keywords: gifts, political aspect, military aspect, Mamluk, power.

## پێشەکی

لە مێژوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاڵوگۆڕی دیاری هەمیشە وەک ئامرازێکی گرنگی دیپلۆماسی و سیاسی ڕۆڵی بینیوە، ئەم کردارە تەنها نیشاندانی ڕێز و دۆستایەتی نەبوە، بەڵکو زۆرجار وەک کەرەستەیەکی ستراتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، سەربازی و ئابوری بەکارهاتوە، لەم چوارچێوەیەدا، سەردەمی دەوڵەتی (مەمالیک) (٦٤٨-٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز) نمونەیەکی بەرچاوی گرنگیدان بەم لایەنەی دیپلۆماسیەتە، کە تێیدا ئاڵوگۆڕی دیارییەکان کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر داڕشتنی نەخشەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا هەبو.

دەوڵەتی مەمالیک کە لە ئەنجامی لاوازی پاشماوەی دەوڵەتی ئەیوبی و لە بەرامبەر هەڕەشەی بەردەوامی مەغۆل و پاشماوەی خاچییەکان دامەزرا، پێویستی بە سیاسەتێکی دەرەکی ژیرانە و فرەڕەهەند هەبو. لەم سۆنگەیەوە، سەرکردەکانی مەمالیک بە شێوەیەکی بەرفراوان سودیان لە ئاڵوگۆڕی دیاری وەرگرت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان، نیشاندانی هێز و شکۆی دەوڵەتەکەیان، کەمکردنەوەی گرژییەکان، و تەنانەت وەک پێشەکییەک بۆ ڕێککەوتنە سیاسی و سەربازییەکان. ئەم دیارییانە، کە لە ئەسپی ڕەسەن و چەکی گرانبەهاوە تا دەگەیشتە خشڵ و زێڕ و کەلوپەلی دەگمەن، هەریەکەیان هەڵگری پەیام و مانایەکی سیاسی تایبەت بون.

**گرنگی توێژینەوەیە:** لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی ئاڵوگۆڕی دیارییەکان لەم سەردەمەدا، تەنها کردنەوەی دەروازەیەک نییە بە ڕوی لایەنێکی پەراوێزخراوی مێژوی دیپلۆماسیدا، بەڵکو هاوکات تێگەیشتنێکی قوڵترمان پێدەبەخشێت دەربارەی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژوی ناوچەکەدا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتەسەر بایەخی دیارییەکان لە داڕشتنی هاوپەیمانێتی، ڕێگریکردن لە جەنگ، پاراستنی هەژمونی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی مەمالیک لە بەرامبەر هێزە ڕکابەرەکانی وەک سەلجوقییەکان و تونس و حیجاز و یەمەن و مەغۆلی قەفجاق و ئیسماعیلییەکان. سەبارەت بەگرنگی ئەو بابەتە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆتە بنج و بناوانی کاریگەری ئاڵوگۆڕی دیارییەکان، کە زۆرێک لەسەرچاوەکان خۆیان لە باسکردنی بواردوە و گرنگیان لەبەرچاو نەگرتون، ئێمە هەوڵمانداوە کاریگەری دیارییەکان لەسەر ئاراستەی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان دەوڵەتی مەمالیکی و هێز و دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی دەوروبەری بخەینەڕو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی گرنگی و بەهای دیارییەکانە لەسەر ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانە لەنێوان دەوڵەتی مەمالیکی و هێز و دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی دەوروبەر و کاریگەرییان بەسەر لایەنی سیاسی و سەربازیدا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ئاڵوگۆڕی دیاری لە نێوان سوڵتانەکانی مەمالیکی دەریایی و هێزە ئیسلامییەکان دەخەینەڕو، کە پێکهاتوە لە چوار باس، باسی یەکەم: لەگەڵ سەلجوقییەکان، باسی دوەم: لەگەڵ (یەمەن، تونس و حیجاز)، باسی سێیەم: لەگەڵ ئیسماعیلییەکان، باسی چوارەم: لەگەڵ مەغۆلی قەفجاق.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەویەدا پشتمان بەستوە بە بەکارهێنانی میتۆدی گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژوییەکان، هەندێکجاریش میتۆدی شیکاری گیراوەتەبەر بۆ خوێندنەوەی ئەو دیوی ڕوداوەکان.

**شرۆڤەی سەرچاوەکان:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر وەرگیراوە، کە بەشێك لە سەرچاوە ڕەسەنەکان هاوسەردەمی ڕوداوەکانی دەوڵەتی مەمالیکی بون و نوسەرەکانیان لەگەڵ ڕوداوەکان ژیاون، یەکێك لەو سەرچاوانە (الروض الظاهرة)ی **(ابن عبدالظاهرة ت٦٩٢ك/١٢٩٢م)**، کە ناوبراو لەپاڵ ڕوداوەکاندا

ژیاوە و یەکێك بوە لە ئەندامانی بنەماڵەی مەملوکی و ڕوداوەکانی تۆمارکردوە، هەروەها سەرچاوەی (تاریخ الملك الظاهر)ی **(ابن شداد ت٦٨٤ھ / ١٢٨٥م)**، کە ناوبراویش لەسەردەمی دەسەڵاتی (زاهیر بیبرس)دا ژیاوە و ڕوداوەکانی لە نزیکەوە تۆمارکردون، سەرچاوەی (مفرج الكروب)ی نوسەرەکەی **(ابن واصل ت:٦٩٧ھ/١٢٩٧م)** یەکێکی ترە لەو سەرچاوانەی لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی مەملوکیدا نسراوە و نوسەر بەشدار بوە لە ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەدا، جگە لەو سەرچاوانەی خرانەڕو چەند سەرچاوەیەکی تریش بەکارهاتون، کە بەشێکیان هاوسەردەمی ڕوداوەکان بون و هەندێکیشیان بەشێوەی تۆمارکراو گەیشتون بەو سەردەمە و جارێکیتر شیکردنەوەیان بۆکراوە .

**کێشەی توێژینەوەکە**: توێژینەوەی جۆراوجۆر لە بارەی دەوڵەتی مەمالیکی و هێز و دەسەڵاتەکانی دەوروبەری کراوە و زۆرە، سەبارەت بەکێشەی توێژینەوەکە خۆی لە نەبونی هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بە ئاڵوگۆڕکردنی دیاری لەنێوان دەوڵەتی مەملوکی و هێز و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان نەکراوە، ئەوەی لە سەرچاوەکاندا پەیوەست بەو بابەتە خراوەتەڕو تەنها ئاماژەیان بە ئاڵوگۆڕی دیارییەکان کردوە، بەڵام کاریگەری دیارییەکانیان لەسەر ئاراستەی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوانیان نەخستۆتەڕو، هەروەها دەستنەکەوتنی هەندێک سەرچاوەی پەیوەست لەسەر ئەوبابەتە.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١- گرنگترین جۆری دیارییەکان چی بون، کە لەنێوان مەمالیکەکان و دەوڵەتانی ئیسلامی ئاڵوگۆڕکران؟

٢- تا چ ڕادەیەك مەمالیکەکان لە ڕێگەی ناردنی دیارییەکانەوە سەرەنجی وڵاتانی ئیسلامیان بۆلای خۆ ڕاکێشا؟

٣- کاریگەری دیارییەکان زیاتر لەکام لایەن ڕەنگی دایەوە؟ نمونە لایەنی سیاسی،ئابوری، کۆمەڵایەتی، بیناسازی.

## باسی یەکەم: ئاڵوگۆڕی دیاری لەگەڵ سەلجوقییەکان و کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی

سەرەتای پەیوەندی نێوان دەوڵەتی مەمالیکی لەگەڵ (سەلجوقییەکان)[٢]دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان بێبەرس، کاتێك زاهیر بێبەرس دەسەڵاتی گرتەدەست، هەوڵی فراوانخوازی دەسەڵات و گێڕانەوەی موڵکەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەدا کەپێش دامەزراندنی دەسەڵاتی مەملوکی سەلجوقییەکانی ڕۆم دەستیانبەسەردا گرتبو، بۆیە بێبەرس هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی دەدا بیانخاتە پاڵ موڵکەکانی میسر و شامەوە، بەمەش بێبەرس کاتێك موڵکەکانی سەلجوقیەکانی ڕۆمی داگیرکرد توانی بەئاسانی پەیوەندی بەمەغۆلی قەبجاقیەوە بکات، هەروەها مەترسی مەغۆلە فارسەکانیش کەم بکاتەوە (طقوش، ٢٠١١، ٣٤٢).

بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی ستراتیجی وڵاتەکەیان لەماوەی ململانێی مەمالیك و مەغۆلەکان، گۆڕانکاریەك بەسەر سیاسەتی سەلجوقیەکانی ڕۆمدا هات، بەپێی سەردەم سەلجوقیەکان پەیوەندی ئەرێنیان بۆ دەوروبەر هەبوە، کاتێك مەغۆلەکان بەهێزبون لایەنگری ئەوانبون و کاتێکیش مەمالیکەکان بەهێزبون، پاڵپشتی ئەوانیان کردوە، هەریەکە لەسوڵتانەکانی سلجوقی (عزالدین کیکاوسی دوەم ٦٤٣-٦٥٧ك/١٢٤٦- ١٢٥٩ز) و براکەی (رکن الدین قلج ارسلانی چوارەم ٦٤٦-٦٦٤ك/١٢٤٨-١٢٦٥ز)، هاوکاری هۆلاکۆی مەغۆلیان دەکرد بۆ دەستبەسەرداگرتنی شام، بەڵام (عزالدین کیکاوسی دوەم) بەهۆی ئامۆژگاری وەزیرەکەی (شمس الدین یوتاش ٦٠٨-٦٢٦ك/١٢١١-١٢٢٩ز) هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هۆلاکۆ گۆڕی، لەوکاتەی کە (عزالدین کیکاوسی دوەم) لەگەڵ براکەی لەکێشەدابو لەسەر دەسەڵات لەساڵی (٦٦٦ك/١٢٦٢ز)دا چەند نوێنەرێکی ناردە لای بێبەرس و دیاری بەنرخی بۆ دەنارد و چی ویستبا لە ڕێگەی دەریاوە بۆی دەنارد تاوەکو هاوکار و هاوپەیمانی بێت (المؤلف المجهول، ١٩٩٣، ٣٥٧)، بێبەرسیش بەڵێنی هاوکاری پێدا لەدژی (رکن الدین قلج ارسلان)ی برای و هۆلاکۆ، بێبەرس وەك ئامادەسازیەك بۆ هاوکاریکردنی کیکاوس

نزیكەی (٣٠٠) سەربازی خۆی نارده (ئامەد)[٣]، بەڵام هۆلاكۆ بەپەیوەندی نێوان بێبەرس و كیكاوسی زانی، ئەوە بو هۆلاكۆ سوپایەكی بەهێزی نارد بۆ (ركن الدین قلج ارسلان)، ئەویش توانی بەسەر كیكاوسی برایدا سەربكەوێت، كیكاوسیش ڕایكرد و وڵاتی جێهێشت (الدواداري، ١٩٨٢، ٧١-٧٣؛ المقريزي، ١٩٩٧، ٥٤٢/١؛ بیتر توراو، ١٩٩٩، ١٢٨).

دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی (غیاث الدین كەیخوسرەوی كوڕی قلیج ارسلان (٦٦٤-٦٨٢ك/١٢٦٥-١٢٨٣ز) كە تەمەنی شەش ساڵان بو، بۆیە (معین الدین برواناه ٦٦٥-٦٧٦ك/١٢٦١- ١٢٧٧ز)، دەستیبەسەر دەسەڵاتدا گرت (طقوش، ٢٠١١، ٣٢٨-٣٢٩).

سوڵتان بێبەرس پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ (برواناه)دا هەبو، (برواناه)، نامەیەكی بۆسوڵتان بێبەرس نارد و تێیدا نوسی و لایەنگری خۆی بۆ دوپات كردەوە بەمەرجێك سوڵتان بێبەرس دان بەسەربەخۆیی وڵاتی ڕۆمدا بنێت، هێزی سەربازیشی وەک هاوكاری بۆ بنێرێت لەجەنگی دژبە مەغۆلەكان، سوڵتان بێبەرس ڕازی بو، بەڵام داوای لێبوردنی لێكرد كە ناتوانی بەهەمو مەرجەكان ڕازیبێت لەوكاتەدا، هۆكاری ڕازینەبونی بێبەرس بۆ چەند فاكتەرێك دەگەڕایەوە، وەك ئەوەی كە ڕێكخستنی هەڵمەتی سەربازی ئامادەكاری زۆرباش و گەورەی دەوێت بەرەچاوكردنی دوری نێوانیان، هەروەها نەبونی متمانەی تەواو بەسەلجوقییەكان لەلایەك و بەهێزی گەورەیی سوپای دوژمنیش لەلایەكیتر (ابن شداد، ١٩٨٣، ١٢٨-١٢).

(برواناه) هەر لەهەوڵ دابو بۆ ڕاكێشانی سوڵتان بێبەرس بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتی سەلجوقییەكان، چەندین نامەی بۆ بێبەرس نارد بۆ ئەوەی بێت بۆ وڵاتی ڕۆم، بەڵام بێبەرس ڕازینەبو، هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە كە لەناو سەلجوقییەكاندا دو بەرە هەبون، كە بەرەیەكیان لەگەڵ هاتنی بێبەرس بون بۆ وڵاتی ڕۆم، بەڵام بەرەكەی دیكەیان لەگەڵ هاتنی بێبەرس نەبون، هەروەها هۆكارێكیتری ئەوە بو كە وڵاتی ڕۆم لەوڵاتی میسرەوە دور بو، بێبەرس وتی سەربازەكان بەم وەرزەی زستانە ناتوانن بێنە وڵاتی ڕۆم بەهۆی دوری ڕێگاو و سەرما و سۆڵەی زستانەوە، بەڵام لەبەهاردا دێینە وڵاتی ڕۆم (ابن شداد، ١٩٨٣، ١٢٨-١٢٩).

بێبەرس لەساڵی (٦٧٥ك/١٢٧٧ز) لەقاهیرەوە بەرێكەوت بەرەو دیمەشق، هەندێك میری سەلجوقی لەگەڵ دابون كە پێشتر هاتبونە میسر، لەوانەش (مبارز الدین جاشنگیر) و (سیف الدین جند)، كە پێشتر پەنایان بۆ هێنا بو، سەركردەی پێشەنگی هێزەكە (سنقر) بو، بێبەرس دوای ئەوەی لەشەڕی (بستان)[٤] توانی بەسەر مەغۆلەكان و سەلجوقییەكاندا سەربكەوێت و بچێتە سەرتەختی سەلجوقی و دابنیشێت و وتار بەناوی ئەوەوە خوێندرایەوە، سكەی بەناوەوە لێدرا، (برواناه) نامەیەكی بۆ بێبەرس نارد بەبۆنەی چونەسەر تەختی سلجوقی، شایەنی باسە (برواناه) سیاسەتی دو لایەنەی پەیڕەو كردوە لەگەڵ ئەوەی نامەی بۆ بێبەرس ناردوە، داوای هاوكاری لێكردوە، پاشان لەهەمان كاتدا نامەی بۆ (ابقا – ابغا) ناردوەو داوای یارمەتیی لەویش كردوە، بەڵام كاتێك بێبەرس بەنامەكەی زانی بەهۆی كەمی ئازوقەو هیلاكی سوپاكەی پاشەكشەی لەوڵاتی ڕۆم كرد و نەیتوانی ئەو ئاواتە بهێنێتەدی و بیخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، هەرچەندە (برواناه) ویستی دوای خات لەگەڕانەوە، بەڵام بێبەرس نامەیەكی بۆ نارد تێیدا هاتبو"سلجوقییەكان بەڵێن و مەرجەكانیان بەجێنەهێناوە، ئەمەش هیچ شتێك ڕێگریم لێناكات جارێكیتر بگەڕێمەوە بۆ ڕزگاركردنی وڵاتی ڕۆم"، دوای گەڕانەوەی بێبەرس مەغۆلەكان هێرشیان بردەوە سەر وڵاتی ڕۆم و (برواناه)یان كوشت، وڵاتی ڕۆمیان خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە (ابن عبدالظاهر، د.س، ٤٥٦؛ ابی الفداء، د.س، ٩/٤-١٠؛عاشور، ١٩٧٢، ١٠٠-١٠٢).

**باسی دوەم: ئاڵوگۆڕی دیاری لەگەڵ (یەمەن، تونس، حیجاز) و کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی**

**یەکەم: لەگەڵ یەمەن**

دوای سەرکەوتنی مەمالیکەکان لەجەنگی (عەین جالوت)دا بەسەر مەغۆلەکان، سوڵتان (موزەفەر سەیفەدین قوتز ٦٥٧-٦٥٨ك/١٢٥٩-١٢٦٠ز) لە دەوڵەتی مەملوکی دەسەڵاتی گرتەدەست، لەهەمانکاتدا لەوڵاتی یەمەن دەوڵەتی ڕەسوڵی بەسەرکردایەتی (منصور نورالدين عمر كوڕی علی كوڕی ڕەسول) فەرمانڕەوایی دەکرد پیرۆزبایی سەرکەوتنی مەمالیکەکانی لەسەیفەدین قوتز کرد و ناسناوی سوڵتانی میسری پێ بەخشی (السيد، ٢٠٢٠، ٣٣٨).

لەدوای مردنی سوڵتان قوتز پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەت بەردەوام بو، بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان بێبەرس (٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز)، پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی یەمەن هاتە کایەوە، لەوڵاتی یەمەنیش (مظفر شمس الدين يوسف الرسول ٦١٩-٦٩٤ك/١٢٢٢-١٢٧٩ز) فەرمانڕەوای دەوڵەتی ڕەسوڵی بو، پەیوەندی نێوان مەمالیکەکان لەسەردەمی بێبەرسدا لەگەڵ دەوڵەتی ڕەسوڵی یەمەن پەیوەندییەکی ئەرێنی پتەو بو، کە لەنێوان بێبەرس و پاشای یەمەن (مظفر شمس الدين يوسف كوڕی عومەر كوڕی رسول) ئاڵوگۆڕی دیاری هەبوە (ابن بطوطة، ١٩٦٤، ١٥٨؛ القلقشندي، ١٩١٥، ٣٣٩/٧).

(ابن عبدالظاهر) دەربارەی نێردراوی یەمەن دەڵێت:"لەساڵی (٦٦٦ك/١٢٦٧ز) پاشای یەمەن نێردراوێکی ناردە میسر بۆ لای مەملوکییەکان، کاتێك نێردراوی یەمەن گەیشت بینی بیست ئەسپ سواری لەگەڵ بو، کە هەندێك دیاریان هێنا بو بۆ سوڵتان بێبەرس، کە پێکهاتبون لە (فیل و گوێ درێژی کێوی و ئاژەڵی دڕندە و میسك و کریستاڵ و کەلوپەلی زیوی و بەردی گرانبەها) کە لەهەرە دیاریە باشەکان بون، دیاریەکان لەلایەن بێبەرسەوە قبوڵکران، دواتر سوڵتان بێبەرس لەبەرامبەر ئەم دیاریانە پاشای یەمەنی وەك پادشای پاشاکان ناساند، دواتر نیردراوەکان داوای جلوبەرگی سوڵتانیان کرد، ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئاسایش و پاراستنیان، سوڵتانیش جلوبەرگی خۆی وەك دیاری پێشکەش کردن و چەندین دیاری و کەرەستەی جەنگی و جلوبەرگی سەربازی و بەرگی پارێزەر پێشکەش بە نێردراوەکان کرد" (ابن عبدالظاهر، اد.س، ٢٩٥)، وەفدەکەی پاشای یەمەن لەگەڵ خۆیدا دیاریەکی هێنابو، کە پێکهاتبو لەبەهارات و دەرمان بۆ ئەوەی لەمیسر بیفرۆشن، سوڵتان بێبەرس ئەو دیاریەی فرۆشت و داهاتەکەی لەکڕینی کەلوپەلی جەنگی (مەنجەنیق) و بۆ ئازادکردنی زیندانیە موسڵمانەکان بەکارهێنا (ابن عبدالظاهر، د.س، ١٩٠؛ النويري، ٢٠٠٤، ٩٧/٣٠) .

(ابن الفضل الله العميري) دەڵێت:"هۆکاری پتەوی پەیوەندی پاشاکانی یەمەن لەگەڵ مەملوکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ترسی پاشاکانی یەمەن لە زاڵبونی مەمالیکەکان بەسەر دەریا و خاکی حیجازدا، ڕەنگە مەبەستی زاڵبون بێت بەسەر ڕێگا بازرگانییەکاندا و پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی کە سوڵتانی میسر دەتوانێت یەمەن داگیربکات (٢٠١٠، ١٨/٤).

شایەنی باسە جگە لەئاڵوگۆڕکردنی دیارییەکان دیارە پەیوەندی بازرگانی پتەو بوە لەسەردەمی سوڵتان بێبەرس لەگەڵ وڵاتی یەمەن، ئاڵوگۆڕی بازرگانی کراوە لەنێوان میسرو یەمەن لەڕێگای دەریای سورەوە، بەهەردولا هەوڵیان دەدا بۆ پارێزگاری لێکردن لەم پەیوەندییە کە لەنێوانیاندا هەبو، کە بەم شێوەیە بمێنێتەوەو پارێزگاری لێبکەن (ابن عبدالظاهر، د.س، ٢٩٠).

هەروەها ناردنی هەندێک کاڵا لەلایەن پاشای یەمەن بۆ سوڵتان بێبەرس و فرۆشتنیان و خەرجکردنی بۆ سەربازەکان لە ڕێی جیهاددا، هەستکردنە لەلایەن پاشاکانی یەمەنەوە بە بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بە بەشداریکردن لەجیهادی ئیسلامی لەدژی خاچی و مەغۆلەکان، ئەمەش وایکردوە نوسەرێکی یەمەنی ئاماژە بەوە بکات کە: ئەو جەنگاوەرە فارسانەی لەمیسرەوە بەشداری شەڕی دژی خاچییان دەکرد، لە لایەن پاشای دەوڵەتی ڕەسوڵی خەرجیان بۆ دابیندەکرا (الخزرجي، ١٩١١، ٢٧٩/١)

لە یەکێک لە نامەکانی (ناصر محمد) بۆ (مزەفەر شەمسەدین کوڕی نورالدین ڕەسوڵ ٦٤٧-٦٩٤ك/١٢٤٩-١٢٩٥ز) دوای ئەوەی وازی لە ناردنی ئەم دیاریانە هێنا، داوای لێکرد بەردەوام بێت لە ناردنی پارە و دیاری و بۆی ڕون کردەوە، کە سودی ئەو پارەیە لە بەکارهێنانی پێداویستی بۆ جیهاد و بەرپەرچدانەوەی هێرشی خاچییەکان بۆ سەر میسر و شام بەکاردەهێنێت (القلقشندي، ١٩١٥، ٣٤٥/٧).

ناردنی بەردەوامی دیاری بە شێوەیەکی بەردەوام ئاماژەیە بۆ پشتبەستنی یەمەن بەمیسر، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بوە، لەوانە ڕوخانی خەلافەت لە بەغدا و گواستنەوەی بۆ قاهیرە و پاشان دەرکردنی فەرمانێک لەلایەن خەلیفەی عەباسی و زاهیر بێبەرسەوە بۆ ئەوەی یەمەن و شوێن فەرمانەکانی سوڵتان و خەلیفە بکەوێت، دوای سەرکەوتنەکانی دەوڵەتی مەملوکی دژی خاچییەکان و مەغۆلەکان و زیادبونی دەسەڵاتی سەربازیان لە میسر، زلهێزەکانی دەوروبەر پەلەیان کرد بۆ گەڕان بەدوای سۆز و پەیماننامەیان لەگەڵ پاشاکانی یەمەن. هەروەها ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو وڵات لە حاڵەتەکانی لاوازی دەوڵەتی مەملوکیدا، دیاریەکان نەشیا و بەهایان کەمبو، کە لەلایەن پاشایەکانی یەمەنەوە بۆ سوڵتانەکانی مەمالیکی دەنێردران، ئەمەش ئاماژەی ملکەچبونی پاشایەکانی یەمەنی دەگەیاند بەرامبەر سوڵتانەکانی مەملوکیدا (مجاهد، ٢٠٠٧، ٢١).

بۆیە پاشاکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی زۆر حەزیان دەکرد دیاری گرانبەها بنێرن بۆ میسر (الشافعی، ٢٠٠٨، ٢٩٨/٦)، (المقریزی) باسی دیاریی یەمەن دەکات و دەڵێت:"نێردراوانی یەمەن لەگەڵ سەردەمی خۆیدا دەگەیشتن و پێکهاتبون لە (سێزدە مرواری، دە ئەسپ و فیلێک و کەروێشکێک و هەشت مەڕ و هەشت باڵندەی توتی، ئامێری جەنگی کە لەسەر دو ڕاگر دادەنرا و ئامێری جەنگی ڕمی هەڵدەگرت، هەر پارچەیەک بە دو قاچ هەڵدەگیرا، بارێکی بەهارات لەسەر حەفتا وشتر، و قوماشێک کە لەسەر سەد قەفەس هەڵگیرابو، لە کەلوپەلی کۆنەکانی یەمەن سەد بەش، بۆیە سوڵتان ئەو دیاریانەی وەرگرتن" (١٩٩٧، ١٩٠/٢)، دیارییەکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی بۆ ماوەی چل ساڵ درێژەی کێشا، کە بەهای ئەو دیاریانە بە شەش هەزار دەخەملێندران (المقریزي، ١٩٩٧، ٣٧٩/٢) .

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی منصور قلاوندا (٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز) پەیوەندییەکانی نێوانیان بەردەوام بو، بەهۆی سەرکەوتنەکانی منصور قلاون لەجەنگی خاچییەکان و مەغۆلەکاندا پاشای دەوڵەتی ڕەسوڵی نیردراوێکی بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی قلاون ناردە میسر و بڕێك پارەشی وەك دیاری بۆ سوڵتان نارد، (ابن عبدالظاهر، ١٩٦١، ٤٩؛ القلقشندی، ١٩١٥، ٣٥٤/٧)، لە بەرامبەردا سوڵتان قلاون ئەسپێك و ژمارەیەك دیلی مەغۆلەکان و ئاڵای سوڵتانیەتی بۆ پاشای دەوڵەتی ڕەسوڵی نارد (النویری، ٢٠٠٤، ١١٦/٣٠؛ ابی الفداء، د.س، ٦٢/٥)، هەروەها جارێکیتر پاشای دەوڵەتی ڕەسوڵی لەساڵی (٦٨٤ك/١٢٨٥ز) یەکێك لەدیارییە گرانبەها و سەرسوڕهێنەرەکان کە ساڵانێکی زۆر بو هەڵگیرابو لەلایەن (سەیفەدین کوڕی تلیل بەرتاس)ی فەرمانڕەوای بەندەری عەدەن و ژمارەیەك کەلوپەلی کۆن و ئاژەڵی نایابی بۆ سوڵتان قوتز نارد (ابن عبدالظاهر، ١٩٦١، ٤٩).

دوای مردنی سوڵتان قلاون لەسالی (٦٨٩ك/١٢٩٠ز) جێنشینەکەی کە ناوی (ئەشرەف خەلیل کوڕی قلاون) بو دەسەڵاتی گرتەدەست، ناوبراو لەسەرەتادا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ڕەسولی زۆر پتەو بو، دوای سەرکەوتنی بەسەر مەغۆلەکان و خاچییەکاندا لەجەنگی (مرج الصفر) لە دەشتی شقحب لە نزیک دیمەشق لە نێوان مەمالیکەکان و مەغۆلەکان ڕویدا، لەلایەن (موئید داود (٦٩٦-٧٢١ك/١٢٩٧-١٣٢٢ز)ی پاشای یەمەنەوە نامەی پیرۆزبایی سەرکەوتنی بۆ سوڵتان ئەشرەف خەلیل نارد، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی دەسەڵات لەناوخۆیی بنەماڵەی مەملوکیدا و هەلی لاواز بونی دەسەڵاتی مەملوکییەکانی قۆستەوە و پاشای یەمەن دیاری و هاوکارییەکانی بۆ مەمالیکەکان ڕاگرت (السید، ٢٠٢٠، ٣٤١)، لە بەرامبەردا سوڵتان ئەشرەف خەلیل نامەیەکی بۆ پاشای یەمەن نارد و هەڕەشەی داگیرکردنی وڵاتەکەی لێ کرد (ابن عبدالظاهر، ١٩٦١، ٢٧٢)، بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی سوڵتان ئەشرەف خەلیلەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەت وەستا (الدواداري، ١٩٨٢، ٣٥٦).

لەسەردەمی دەسەڵاتی ناصر محەمەدی سوڵتانی دەوڵەتی مەملوکیدا لەوڵاتی یەمەن مەلیك (موئید هزبر الدين داودی کوڕی موزەفەر یوسف) حکومڕان بو، سەرەتا پەیوەندی نێوان هەردو دەسەڵات پەیوەندییەکی ئەرێنی زۆر باش بو، کە جگە لەپەیوەندی بازرگانی و ئابوری، هەروەها پەیوەندییەکی ئاینی بەهێز لەنێوانیاندا هەبو، بەچەشنێك لە وتارەکانی هەینیدا لەوڵاتی یەمەن لەدوای ناوهێنانی خەلیفەی عەباسی هەروەها ناوی سوڵتان ناصر محەمەدیش دەهات، هەروەها لەسەر دیوێکی دراوی یەمەن ناوی سوڵتان ناصر محەمەد بەدیدەکرا، ئەمەش بۆ بەهێزی پەیوەندی نێوان هەردو دەسەڵات دەگەڕایەوە (طقوش، ١٩٩٧، ٢٦٦)، بەجۆرێك پەیوەندییەکانیان بەهێز بون لەساڵی (٧٠٣ك/١٣٠٣ز)دا کاتێك کە مەغۆلەکانی فارس هێرشیان کردەسەر وڵاتی شام پاشای یەمەن (ئەمیر بەدرەدین مەکتوبی مەرقی) وەك شاندی تایبەتی خۆی نارده قاهیرە بۆ لای سوڵتان ناصر محەمەد و ئامادەیی خۆی دەربڕی کە یارمەتی پێشکەش بکات لە دژی مەغۆلەکان (الذهبي، ١٩٩٨، ٣٤/١٨؛ سرور، ١٩٤٧، ١٣٠-١٣١).

لەساڵی (٧٠٤ك/١٣٠٤ز)دا مەلیك موئید وەفدێکی یەمەنی بەسەرۆکایەتی (ئەمیر ئەسەدەدین محەمەدی کوڕی نور) نارده میسر و چەند دیاریەکی بەنرخی وەك (ماست و شیر و ئەسپێکی ڕەنگ زێرین و ئەسپی عەرەبی ڕەسەن و کەرە کێوی و زەرافە و بڕێك پارە و بڕێك بۆنی میسك) بۆ سوڵتان ناصر محەمەد نارد، هەروەها لەگەڵ وەفدەکەشدا چێشتلێنەری تایبەتی سوڵتانی یەمەن ئامادە بو کە لەگەڵ خۆیدا بڕێك (بیبەری یەمەنی و مێخەك و زەنجەفیل)ی لەگەڵ خۆیدا هێنا بو (الهاشمي، ٢٠٠٣، ٢٠١؛ سرور، ١٩٤٧، ١٣١).

لەساڵی (٧٠٧ك/١٣٠٧ز) لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە ئابوریەی وڵاتی یەمەن بەخۆیەوە بینی چەند پەیوەندییەکی ئابوری و بازرگانی لەگەڵ وڵاتی (حیجاز)دا بەست، بەمەش بەرژەوەندییە ئابورییەکانی دەوڵەتی مەملوکی لە یەمەن خستە مەترسییەوە، ناصر محەمەدیش ئەو هەنگاوەی یەمەنی زۆر پێ ناخۆش بو و داوای لە خەلیفەی عەباسی (المستكفي بالله أبو الربيع) کرد کە مەلیکی یەمەن لەوە ئاگادار بکاتەوە کە ئەگەر پەیوەندییە ئابوریەکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکیدا وەك جاران لێ نەکاتەوە و بە فەرمانڕەوایی مەملوکییەکان ڕازی نەبێت ئەوە پەنا بۆ هێزی سەربازی دەبات و سوپایەك بە سەرۆکایەتی ئەمیر ئەیبەکی شوجاعی دەنێرێت بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی یەمەن (طقوش، ١٩٩٧، ٢٦٦-٢٦٧).

سەرەنجام دوای چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا و دوای چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی مەلیك موئەیەد بیری لەوەکردەوە کە جارێکیتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکیدا ڕێکبخاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی (٧١١ك/١٣١١ز)دا مەلیك وەفدێکی ناردەوە میسر و چەند دیاریەکی جوان و ئەسپ و کەرە کێوی بۆ سوڵتان

ناصر محەمەد نارد (سرور، ١٩٤٧، ١٣٣-١٣٤)، بەڵام جارێكیتر پەیوەندی نێوان وڵاتی یەمەن و دەوڵەتی مەملوكی تێكچووەوە بەهۆی كێشە ناوخۆییەكانی ئەو وڵاتەوە، ناصر محەمەدیش لەساڵی (٧٢٥ك/١٣٢٥ز)دا هێزێكی سەربازی ڕەوانەی یەمەن كرد و دەستی خستە ناو كاروباری سیاسی ئەو وڵاتەوە و دەسەڵاتدارانی یەمەنی ناچار بە ڕێكەوتنێك كرد كە لەبەرژەوەندی وڵاتەكەیدا بێت، كە خاڵی ڕێككەوتنی نێوانیان پێكهاتبون لە:

١- یارمەتیدانی جەنگاوەران و جێگیركردنی دەسەڵات لەو وڵاتەدا.

٢- ئامادەكردنی ڕێككەوتنێك لە نێوان سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتەدا (المقريزي، ١٩٩٧، ٧٩/٣؛ الخزيجي، ١٩١١، ٣٢/٢؛ ابي الفداء، د.س، ٣٦٠/٥-٣٦١).

**دوەم: لەگەڵ تونسدا**

لەوكاتەدا كە سوڵتان بێبەرس لەسەر دەسەڵات بو لەمیسر، حەفسییەكانیش لەتونس لەسەر دەسەڵات بون، بەسەركردایەتی (ابو عبدالله محمد)(٦٤٧-٦٧٥ك/١٢٤٩-١٢٧٧ز)، ئەو میرە لەدوای ڕوخانی خەلافەتی عەباسی خۆی بەجێنشینی عەباسی ناساند و نازناوی (المستنصر بالله)ی و گەورەی ئیماندارانی (الامير المؤمنين) لەخۆینا، وەك پاڵپشتیەك بۆ ئەم مەبەستەی ڕەگەزی خۆی دەگەڕاندەوە بۆ قورەیشیەكان كە سەر بەنەوەی پێغەمبەرن (د.خ) خۆیان بەجێگرەوەی (موەحەیدینیەكان) [٥] دادەنا (العبادي،٢٠١٠، ١٠٨).

ئەوەی تایبەت بێت بەپەیوەندی نێوان سوڵتان بێبەرس و حەفسییەكان ئەوە بو لەسەرەتادا پەیوەندییەكانیان پتەوبو، هۆكاری ئەم پەیوەندییەش دەگەڕایەوە بۆ هاو ئاینی هەردو دەسەڵات كە ئیسلام بون و هاوسێی یەكتربون، بەڵام دوای زیندوكردنەوەی خەلافەتی عەباسی لەلایەن مەملوكییەكانەوە، پێگەی حەفسیەكان بۆ خەلافەت كە خۆیان بە میراتگری خەلافەتی عەباسی دەزانی كەوتە مەترسیەوە، چونكە ئەوان خۆیان بە جێگرەوەی خەلافەتی عەباسی دادەنا دوای ڕوخانی خەلافەت لە بەغداد لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)، بۆیە زیندوكردنەوەی خەلافەتی عەباسی پێگەی میسری لە جیهانی ئیسلامی زیاتر بەرزكردەوە لە بەرامبەریشدا پێگەی حەفسییەكانی بەرەو لاوازی دەبرد، بۆیە پەیوەندییەكانی نێوانیان ئاڵۆزی تێكەوت و نێوان بێبەرس و (ابو عبدالله)ی پاشای تونس بەرەو خراپی ڕۆیشت (ابن واصل، م.س، ١٤١/٦؛ العبادي،٢٠١٠، ١٠٨).

سەرەڕای دروست بونی ناكۆكی لەنێوانیاندا، بەڵام ئەم ناكۆكیە كاری نەكردە سەر هاوكاری نێوانیان، ئەوە بو كاتێك پاشای فەرەنسا (لویسی نۆیەم) هێرشیكردە سەر تونس بەمەبەستی داگیركردنی، سوڵتان بێبەرس نوسراوێكی نارد بۆ پاشای تونس و پێی ڕاگەیاند، كە ئەو پشتیوانی دەكات بۆ ڕزگاركردنی تونس لەدەست هێرشی خاچییەكان، بێبەرس خەریكی ئامادەكاری بو بۆ یارمەتیدانی، بەڵام لەوكاتەدا (لویسی نۆیەم) دەمرێت و كۆتایی بەمەترسییەكان دێت و خاچییەكان كشانەوە لەخاكی تونس و لەگەڵ پاشای تونس ئاشتینامەیەكیان بەست، بەپێی ئەو ئاشتینامەیە خاچییەكان زیانەكانی تونسیان قەرەبو كردەوە (ابن القنفذ، ١٩٦٨، ١٣٢).

لەساڵی (٦٧٠ك/١٢٧١ز) نێردراوی پاشای حەفسی هات بۆ لای بێبەرس (ابن عبدالظاهر، د.س، ٣٤٧- ٣٤٨؛ عاشور، ١٩٧٢، ١١٤) و چەند دیاریەك و ڕەخنەی پاشای حەفسییەكانی گەیاند بە بێبەرس، كە لە گەیاندنی یارمەتی لەدژی خاچییەكان دواكەوتوە و پێی گوت:" كەسێكی وەك تۆ شیاوی ئەوە نییە مامەڵە لەگەڵ كاروباری موسڵماناندا بكات"، ئەوە بو بێبەرس دیاریەكانی ڕەتكردەوە، ئەمەش پەیوەندییەكانی بێبەرس و مستنسری پاشای تونسی بەرەو ساردبونەوە برد (المقريزي، ١٩٩٧، ٧٢/٢؛ عاشور، ١٩٧٢، ١٠٠-١٠٢)، (ابن عبد الظاهر) ئاماژە بە نێردراوی پاشای تونس دەكات و دەڵێت:" نوێنەری پاشای تونس بە دیاریەوە گەیشت، كە دیارییەكان بریتیبون لە (٢٥) ئەسپ،

نوێنەرەکە وتی دو ئەسپی تێدایە لەنێو ئەو ئەسپانە کە ئەسپی ڕەسەنی تونسن، سوڵتانیش هەستا بە دابەشکردنی هەمو دیاریەکان بەسەر میرەکاندا، هیچی لەودیاریانە نەگێڕایەوە بۆ خۆی، لە نامەکەی پاشای تونس لە دەربڕیندا کەم و کورتی تێدا بو، بۆیە بێبەرسیش بە هەمان شێوە وەڵامی دانەوە، ئەو خراپانەی بە ڕوداوانەوە وەکو بەکارهێنانی خاچییەکان دژی موسڵمانان، بەکەمەوە سەیریدەکردن و وتی کەسێکی وەکو پاشای ئێوە بۆ کاروباری موسڵمانان دەستنادات، (د.س، ٣٩٧).

لەدوای مردنی سوڵتان بێبەرس فەرمانڕەواکانی مەملوکی درێژەیان بە پەیوەندییەکانیان دەدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تونس، کاتێك منصور قلاون دەسەڵاتی گرتەدەست لەساڵی (٦٧٨ك/١٢٧٩ز)دا لە وڵاتی تونس ناکۆکی لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات هەبو و یەکێك لە کەسایەتییەکانی تونس بەناوی (أحمد بن مرزوف بن أبی عماره المسیلی الخیاط) لە دژی فەرمانڕەوای تونس (أبی اسحاق ابراهیم ٦٧٨-٦٨١ك/١٢٧٩-١٢٨٣ز) یاخیبو (ابن عبدالظاهر، ١٩٦١، ٤٤)، ناوبراو داوای هاوکاری لە سوڵتان قلاون کرد بۆ زاڵبون بەسەر دەسەڵاتی (أبی اسحاق)دا، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی منصور قلاون بە جەنگی مەغۆلەکانەوە نەیتوانی هاوکاری سەربازی پێشکەش بە (احمد بن مرزوق) بکات، بەڵام دیاری بۆ ناوبراو نارد کە پێکهاتبو لە جلوبەرگ و عەبای تایبەت، کاتێك (احمد بن مرزوق ٦٨١-٦٨٣ك/١٢٨٣-١٢٨٤ز) بەسەر (أبی اسحاق ابراهیم)دا سەرکەوت و فەرمانڕەوایی ئەفریقیای گرتەدەست ئەو جلوبەرگانەی سوڵتانی پۆشین و وتاری بەناوی سوڵتانەوە خوێندەوە (ابن عبدالظاهر، ١٩٦١، ٤٤؛ نبیله و وفاء، ٢٠١٩، ٥٠).

**سێیەم: لەگەڵ حیجازدا**

پەیوەندی نێوان دەوڵەتی مەملوکی لەگەڵ حیجازدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی دەسەڵاتی مەمالیکی و بەتایبەتیش سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان بێبەرس، کاتێك دەسەڵاتی گرتەدەست هەوڵیدا پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ حیجازدا دروست بکات، چونکە حیجاز ناوچەیەکی گرنگی جیهانی ئیسلامییە بەتایبەتی شاری (مەککە) و (مەدینەی) لێیە، کە دو مەڵبەندی سەرەکی موسڵمانان بون، دروستکردنی پەیوەندی ئەرێنی بێبەرس لەگەڵ پاشای حیجاز (ال شرف الدین العدل الطناحی الحسینی) بەواتای سەرپەرشتیکردنی جیهانی ئیسلامی دەگەیاند، هەر بۆیە بێبەرس بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بەسەر حیجازدا بسەپێنیت هەستا بە زیندوکردنەوەی خەلافەتی عەباسی لەمیسر لەلایەك و لەلایەکی تر ئەنجامدانی چەند چاکسازییەك لە حەرەمی پیرۆزی پێغەمبەر(د.خ)، بەرگی بۆ کەعبەی پیرۆز و زەیت و بۆن و چەند دیاریەکی تری وەك پۆشاك بۆ سەر گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) و لەگەڵ ناردنی خێر و زەکات بۆ مەککە و دابەشکردنی بەسەر حاجیانی حیجازدا (المقریزی، ١٩٩٧، ٥٠٤/١-٥٠٥؛ المدیرس، ٢٠١١، ٥٢؛ العبادي،٢٠١٠، ١٨٣).

لەساڵی (٦٦٧ك/١٢٦٩ز) بێبەرس سەردانی حیجازی کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕوکنی حەج (المقریزی، ٢٠٠٠، ١١٧)، ئەم سەردانەی بێبەرس گرنگی تایبەتی خۆی هەبو، کە بوە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان، تا ئەوکاتەی بێبەرس سەردانی حیجازی کرد وتار لەمزگەوتەکانی حیجازدا بەناوی خەلیفەی حەفصیەکانەوە دەخوێندرایەوە، چونکە دوای ڕوخانی خەلافەتی عەباسی لە بەغداد حەفصیەکان جارێکیتر خەلافەتی عەباسییان زیندوکردەوەو خۆیان بە جێگرەوەی عەباسیەکان دادەنا، بەڵام دوای دەرکەوتنی بێبەرس لە دەوڵەتی مەمالیکدا هەستا بە زیندوکردنەوە و گەڕاندنەوەی شکۆ و پیرۆزی خەلافەتی عەباسی بۆ میسر، بۆیە لە دوای سەردانەکەی بێبەرس بۆ

حیجاز وتار لە ناوچەکانی حیجازدا بەناوی خەلیفەی عەباسی لە میسر دەخوێندرایەوەو ناوی بێبەرسیش لەپاش ناوی خەلیفە دەهات (ابن عبدالظاهر، د.س، ٣٧٣-٣٧٤؛ الدواداري، ١٩٨٢، ٤١؛ الناصر، ٢٠٠٠، ٢٣٠).

قەڵەمرەوی بێبەرس لە حیجاز زۆر بەهێز بو توانی پاڵپشتیەکی زۆر لەخەڵکی حیجاز و تەواوی جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی پەیدا بکات، بەهۆی ئەو چاکسازیانەی بۆ حیجازی ئەنجامیدا (العبادي،٢٠١٠، ١٨٢)، بێبەرس لە درێژەی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ حیجاز داوای لە پاشای حیجاز کرد هیچ برە پارەیەك وەك باج و دەیەك لە حاجیان یان هەر کەسیك وەرنەگرێت، کە سەردانی حیجاز، بەتایبەت شارەکانی مەککە و مەدینە دەکەن بۆ ئەنجامدانی ڕوکنی حەج، لە بەرامبەردا دەوڵەتی مەملوکی ئەو برە پارەیە دەدات بە حیجاز، بەڵام یەکیك لە پاشاکانی حیجاز بەناوی (ابو نمی) ڕێژەیەکی باج و سەرانە لە حاجیان وەرگرت لە بەرامبەر سەردانیکردنیان بۆ حیجاز (المدیرس، ٢٠١١، ٥٢)، لە بەرامبەر ئەو کارەیدا بێبەرس نامەیەکی بۆ نارد و تاوانباری کرد لە بەرانبەر ئەو کارانەی ئەنجامیداوە، کاتێك نامەکەی بێبەرس گەیشت بە ئەبونمی ناوبراو وەڵامی بێبەرسی دایەوە و داوای لێخۆشبونی لێ کرد (الخزیجی، ١٩١١، ٤٣/٢؛ السید، ٢٠٢٠، ٣٤١).

لەدوای مردنی سوڵتان بێبەرس جێنشینەکانی هاوشێوەی سوڵتان درێژەیان بە پەیوەندییە ئەرێنیەکانیاندا لەگەڵ حیجاز، یەکێك لە فەمانرەواکانی مەمالیکی کە لەسەر ڕێچکەی سوڵتان بێبەرس ڕۆیشت لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ حیجاز سوڵتان منصور قلاون بو، قلاون بەمەبەستی پیرۆزکردنی دەسەڵاتەکەی و گرنگیدان بە دەسەڵاتی ئیسلام سەردانی حیجازی کرد و ڕوکنی حەجی ئەنجامدا و ئاڵای دەوڵەتی مەمالیکی لەسەر کێوی عەرەفات هەڵکرد، لە سەفەرەکەیدا بۆ ئەنجامدانی ڕوکنی حەج سوڵتان چەندین دیاری بەنرخی بۆ میری حیجاز هێنابو، کە پێکهاتبون لە (جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی گرانبەها و نەخشێنراو بە توڵی زێر، بۆنی میسك و عەنبەر و عود و بەرهەمی گیایی سەندەڵ)، هەروەها بەرگی کەعبەی نوێ کردەوە و بری هەشتا هەزار درهەمی بۆ کەعبە سەرفکرد (الفاسی، ١٩٨٦، ٤٦٤/١)

لە سەردەمی حکومڕانی ناصر محەمەددا لە وڵاتی حیجاز دو برا فەرمانڕەوا بون، کە ئەوانیش (عزالدین حمیضة بن ابی نمی الحسینی) و (أسد الدین أبی عراره رمیثة بون، کە لەکاتی کێشە و شەڕ و ناکۆکیدا پەنایان بۆ دەوڵەتی مەملوکی دەبرد، کە بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلام بو لەو سەردەمەدا، ناصر محەمەدیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیجازدا بە بەرژەوەندی ئاینی و ئابوری گرێ دابو، چونکە حیجاز خاکێکی پیرۆز بو و موسڵمانان بەمەبەستی ئەنجامدانی حەج ڕویان تێدەکرد، ناصر محەمەدیش گرنگی تایبەتی بە (بیت الحرام) دەدا و ساڵانە پۆشاکی بۆ نوێدەکردەوە بۆ ئەوەی موسڵمانان پاڵپشتی بکەن (طقوش، ١٩٩٧، ٢٦٢-٢٦٣)، هەروەها ناوبراو خۆشی لە ساڵی (٧١٢ك/ ١٣١٢ز) سەردانی (بیت الحرام)ی کردوە و ڕوکنی حەجی ئەنجامداوە (الصفدی، ٢٠٠٣، ٢١٠)

لە ساڵی (٧١٤ك/١٣١٤ز)دا کاتێك کە لەسەر بەڕێوەبردنی مەککەی پیرۆز ناکۆکی کەوتە نێوان دو برا دەسەڵاتدارەکانی حیجازەوە لەسەر لابردنی ناوی (أسد الدین) لەکاتی خوێندنەوەی وتاری هەینیدا لەلایەن (عزالدین)ی برای، گەورە پیاوانی مەککە پەنایان بۆ ناصر محەمەد برد، ئەوە بو ناوبراویش هێزێکی سەربازی ڕەوانەی حیجاز کرد و بەهاوکاری برای سێیەمی دەسەڵاتدارانی حیجاز کە ناوی (أبی الغیث) بو هەوڵیاندا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، دواتر بەپێی تێپەڕ بونی کات سوڵتان توانی ئاشتەوایی لەنێوان هەردو براکەدا بکات و هاوشێوەی دەسەڵاتدارانی پێشوی ئیسلام پارێزگاریش لە خاکی حیجاز بکات (الهاشمي، ٢٠٠٣، ٢١٤؛ سرور، ١٩٤٧، ١١٩)، بەمەش توانی سەروەری دەسەڵاتدارانی ئیسلام بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە و نازناوی (خزمەتکاری حەرەمی مەککە)ی پێ ببەخشرێت و لە وتاری هەینی مەککەشدا ناوی بهێنرێت (القلقشندي، ١٩١٥، ٢٢١/٦)، بەڵام لە ساڵی (٧١٨ك/ ١٣١٨ز)دا بەهۆی کێشەی

ناوخۆیی و هەڵگەڕانەوەی دو برا دەسەڵاتدارەکەی حیجاز لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ناصر محەمەددا، ناوی ناوبراویان لە وتاری ڕۆژی هەینیدا لادا و لەشوێنی ئەویش ناوی (أبي سعيد بهادر خان)ی سەرۆکی مەغۆلی فارسی هێنرا، ئەم کردەوەی دەسەلاتدارانی حیجاز وای لە ناصر محەمەد کرد کە هێرشێکی سەربازی فراوان بنێرێتە سەر حیجاز و سنورێك بۆ دەسەلاتی دو براکە دابنێت (الهاشمي، ٢٠٠٣، ٢١٤؛ سرور، ١٩٤٧، ١٢٠-١٢١).

**باسی سێیەم: ئاڵوگۆڕی دیاری لەگەڵ ئیسماعیلییەکان و کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی**

بێبەرس دەیەویست ڕزگاری بێت لەدەست ئەو هێز و جوڵانەوانەی، کە دەستیان تێکەڵ کردبو لەگەڵ خاچپیەکان، گرنگترینیان بزوتنەوەی (ئیسماعیلی)[٦] بو، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبو لە هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ خاچپییەکان و لێدان و کوشتنی موسڵمانان، ئیسماعیلییەکان بەردەوام باجیان دەدا بەخاچپییەکان، لەقەڵای کوردان (حصن الاكراد) کە (سوار الاسبتاریەکان)[٧] لەوێ نیشتەجێ بون، بەڵام دوای سەرکەوتنی بێبەرس بەسەر (سوارەکانی الاسبتاریەکان) لەساڵی (٦٦٥ك/١٢٦٧ز)دا مەرجی بەسەردا سەپاندن کەوا باج لە ئیسماعیلییەکان نەسەنن، بۆیە ئیسماعیلییەکان هەستان بەپێدانی ماڵ و سامان بە موسڵمانانی ژێر قەڵەمڕەوی بێبەرس، ئەمەش وەکو گوێڕایەڵییەك بو بۆ سوڵتان بێبەرس(حماد، ١٩٩٥، ١٦٨-١٦٩).

(ابن عبدالظاهر) ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان بێبەرس و ئیسماعیلییەکان کردوەو دەڵێت:" بێبەرس پشتی بە چی بەستوە بۆ شکاندنی دەسەڵاتی ئیسماعیلییەکان، کاتێك بێبەرس لەنزیك ئیسماعیلییەکان بارگەی هەڵدا، هەمویان هاتن بۆ لای سوڵتان جگە لە (نجم الدين الشعراني) سەرۆکی ئیسماعیلییەکان و کوڕەکەی، ئەمانە کە هاتنە لای بێبەرس داوای کەمکردنەوەی ئەو سەرانەیان دەکرد، کە دەیاندا بەخاچپییەکان، بۆیە سوڵتان بەتاڵی کردەوەو بڕیاریدا کەوا ئەو سەرانەیە بۆ خەزێنەی موسڵمانان بێت"( د.س، ٣٦٥-٣٦٦)

(المقريزي) لە ڕوداوەکانی ساڵی 665ك/1266ز، دەڵێت: "دوای ئەوەی نوێنەرە ئیسماعیلییەکان بەکۆمەڵێك زێڕەوە گەیشتنە لای بێبەرس، وتیان ئەوا ئەو ماڵەیە وەك سەرانە دەماندا بەخاچپییەکان، ئێستاش بۆ دارایی موسڵمانان هێناومانە، بۆ ئەوەی بۆ موجاهیدانی ئیسلام خەرج بکرێت"( ١٩٩٧، ٤٢/٢)، بێبەرس لەگەڵ ئەوەشدا لێیان دڵنیا نەبو، بۆیە هەوڵی خۆ ڕزگارکردنیدا لەدەستیان، دوای ئەوەی سوپایەکی ئاراستەکرد ئەوانیش قەڵاکەیان دا بەدەستەوە، دواتر (نجم الدين الشعراني) بەمەیزانی چوە لای بێبەرس و ملکەچی خۆی بۆ بێبەرس ڕاگەیاند، بێبەرسیش لێی خۆش بو نەیکوشت، بەهۆی ئەوەی تەمەنی (٩٠) ساڵ بو، کوڕێکیشی وەك بارمتە لەبارەگای بێبەرس دانا" (ابن عبدالظاهر، د.س، ٣٦٥-٣٦٦؛ عاشور، ١٩٧٢، ١٠٠-١٠٢)، هەروەها (ابي الفداء) ئاماژەی بەهێرشی بێبەرس کردوە بۆ سەر ئیسماعیلییەکان و دەڵێت:" بێبەرس سوپایەکی ئامادەکرد بۆ سەر وڵاتی ئیسماعیلییەکان، ئیسماعیلییەکان (مصياف)یان دابەدەستەوە لە دەیەکی ناوەڕاستی مانگی ئەو ساڵەدا کە بێبەرس هێرشی کردنە سەر، لە حەما و بێبەرس گەڕایەوە بۆ دیمەشق، پاشان گەڕایەوە بۆ بارەگای سەرەکی لە میسر"( د.س، ٤/٦).

(شافع بن علي) باسی هەوڵدانەکانی ئیسماعیلییەکان دەکات بەمەبەستی بەدەستهێنانی خۆشەویستی بێبەرس، کە ئەمەش لەڕێگەی ناردنی نوێنەر و دیاری و بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی سوڵتان بو، ئەوە بو نوێنەری ئیسماعیلییەکان هاتە لای بێبەرس و داوای ڕەزامەندی لێکرد، بەڵام بێبەرس سەرزەنشتیکردن، وتی ئێوە دەتانوت ئەو سەرانەیەی دەتاندا بەخاچپییەکان لەبەر دوری سەربازانی من و دراوسێیەتی ئەوان بو، بەڵام ئێستا ئەوە من لێتانەوە نزیکم و بەرامبەر دوژمنەکانتان وەستاومەتەوە، هیچ شتێکم لەئێوە لە سەرانەو دیاری پێنەگەیشتوە، کە لەگەڵ

وتەکانتان بگونجێت، لە پاشاندا ئێوە هیچ سودێکتان بۆ موسڵمانان نیە، جگە لە خەیاڵات، کەواتە پێویستە قەڵاکانتان بۆ بکەم بە گۆڕستان، پاشان نوێنەرەکەی کردە دەرەوە (١٩٨٩، ٢٢٤-٢٢٥).

**باسی چوارەم: ئاڵوگۆڕی دیاری لەگەڵ مەغۆلی قەفجاق و کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی**

برکەخان یەکێکە لە خانەکانی هۆزی ئاڵتونی (زێرین)، لە ساڵی (٦٥٥- ٦٦٥ک/ ١٢٥٧-١٢٦٧ز) حوکمی کردوە، لە ساڵی (٦٥٠ک/١٢٥٢ز) لەسەر دەستی (نەجمەدین موختار زاهیدی) یەکێك لە زاناکانی ئیسلام لە بوخارا بیروباوەڕی خۆی گۆڕی و موسڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام پێش ئەوەی موسڵمان بێت ئیسلام و موسڵمانانی خۆشدەویست (عبدالحكيم، ٢٠١١، ٣٠٢)

ئاینی ئیسلام هۆکاری نزیکبونەوە و دروستکردنی پەیوەندی ئەرێنی نێوان بێبەرس و برکەخان بو، کە دوژمنی هاوبەشی نێوان هەردو دەسەڵات هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلی فارس و ئامۆزای برکە خان بو، بۆیە سوڵتان بێبەرس بەمەبەستی ئەنجامدانی جیهاد لە دژی هۆلاکۆ هەوڵی نزیکبونەوەی لە برکە خانی سەرکردەی مەغۆلی قەفجاقیدا و لەساڵی (٦٥٩ك/١٢٦١ز)دا چەندین نێردراو لە نێوان هەردولادا ئاڵوگۆڕ کران (الدواداري، ١٩٨٢، ٧٠؛ عمرو، ٢٠١٥، ٨٨)

توێژەران ئاماژە بەو نێردراوە دەکەن کە لەلایەن برکەخان هاتبون بۆ لای بێبەرس لە ساڵی (٦٦١ك/١٢٦٢ز) کە هەر یەکە لە (شێخ نورالدين علی، ئەمیر جلال الدين قاضی) کە ئامادەی بەیعەتدان بون بەخەلیفە (الحاكم بأمرالله) (ابن عبدالظاهر، د.س، ١٧٠)؛ (بيتر توراو، ١٩٩٩، ١٢٥-١٢٦)؛ (القصاب، ٢٠٠٥، ١٤٥)، (شافع بن علی) ئاماژە بەنێردراوانەی برکەخان دەکات، کە ئامادەی بەیعەتدان بون بەخەلیفەی عەباسی (الحاكم بأمرالله) و ئەوانیش بەیعەتیان بە خەلیفەی عەباسی دا (شافع بن علی، ١٩٨٩، ١٠٧).

إبن شداد باسی ڕیکەوتن و پەیوەندی بێبەرس بە مەغۆلی قەفجاق دەکات کە چەندین جار نێردراو و دیاری لە نێوان هەردولا ئاڵوگۆڕ کراون، کە ئەم لێك نزیکبونەوەیە هۆکارێکی گرنگی لەپشتە کە ئەویش بونی دوژمنێکی هاوبەش، کە ئەویش مەغۆلی فارسە کە هۆلاکۆ فەرمانڕەوایی دەکردن (ابن شداد، ١٩٨٣، ٢٢).

هۆکاری سیاسیش یەکێکی تر بو لەو هۆکارانەی کە بوە هۆی نزیکبونەوەی پەیوەندی نێوان بێبەرس و برکە خان، کە لەدوای سەرکەوتنی مەمالیکەکان لە شەڕی (عين جالوت)[٨]، بەسەر مەغۆلە ئیلغانییەکان، ئیلغانی بونە دوژمنی سەرەکی هەردو دەوڵەت، بێبەرس نیردراوی نارد بۆ لای برکەخان کە پێیوت کەوا ئەو لەلای خۆیەوە جیهاد بکات و لەگەڵ هۆلاکۆ بجەنگێت، کە ئەمەش دەبوە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی مەغۆلەکان لەسەر دەوڵەتی مەمالیك، چونکە هۆلاکۆ خەریکی شەڕ دەبو لەگەڵ مەغۆلی قەفجاق نەیدەتوانی کەوا هێرش بکاتە سەر شام و میسر، ئەمەش دەستی بێبەرسی واڵاکرد بۆ لێدانی میرنشینە خاچییەکانی شام (العريني، ٢٠٠٨، ٢٩٨-٣٠٠؛ القصاب، ٢٠٠٥، ١٤٥)، بەمشێوەیە برکە خان لە نامەیەکدا داوای هاوکاری سەربازی لە بیبەرس دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵێك سەرباز بنێرێتە سەر ناوچەکانی فورات تاوەکو ڕێگە لە هێرشی هۆلاکۆ و سوپاکەی بگرن (ابن عبدالظاهر، د.س، ١٧١).

لە بەرامبەردا سوڵتان بێبەرس داواکاریەکەی برکەخانی جێبەجێکرد و وەڵامی ناوبراوی دایەوە بۆ ئەنجامدانی جیهاد، پاشان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان سوڵتان داوای کرد کە لە وتاری مەککە و مەدینە و قودس ناوی برکەخان بهێندریت، ئەمەش پەیامێکی بە نەیارانیدا کە کۆمەڵگەی ئیسلام یەکگرتون بە بێ جیاوازی ڕەگەزی، پاشان بێبەرس چەند دیاریەکی بۆ برکە خان نارد، کە پێکهاتبو لە (قورئانی پیرۆز و ڕاخەری نوێژی ڕەنگاوڕەنگ(بەرماڵ)، پاشان

باڵیۆزخانە لە سنوری هەردو دەوڵەت کرایەوە و چەندین پەرتوك لەنیوانیاندا ئاڵوگۆڕ کران (الدواداري، ١٩٨٢، ٩٢؛ غانم، ٢٠١١، ٩٢).

بەم شێوەیە سیاسەتی بێبەرس بەرامبەر بە مەغۆلی قەفجاق دەرگای بە ڕوی هاتنی مەغۆلەکانی قەفجاق کردەوە بۆ میسر و شام، بەمەش بێبەرس سوپایەکی بەهێزی لێ دروستکردن (الدواداري، ١٩٨٢، ٨٤-٨٥)، بەمشێوەیە سوڵتان بێبەرس لە هەوڵی ئەوە دابو دوژمنایەتی نیوان هەردو مەغۆلی فارس و قەفجاق پەرەپێبدات، تاوەکو مەغۆلەکانی قەفجاق ببنە بەربەستێك لەبەردەم داگیرکاری مەغۆلەکانی فارسدا بۆ سەر شام(ابن عبدالظاهر، د.س، ٨٨).

بۆچونێك ئاماژە بەوە دەکات کەوا بێبەرس کچی برکەخانی هێناوە بۆ کوڕەکەی (سعید ناسرەدین محمد برکەخان ٦٧٦-٦٧٨ك/١٢٧٧-١٢٧٩ز) (غانم، ٢٠١١، ٩٢؛ العبادي،٢٠١٠، ١٨٩)، بەڵام (إبن شداد) ئاماژەبەوە دەکات کە ئەو کچەی کەوا بێبەرس کردویەتی بە هاوسەری کوڕەکەی کچی برکەخان نەبوە، بەڵکو کچی (بنت حسام الدين برکەخان بن دوله خان الخوارزمی اليمكی) بوە (ابن شداد، ١٩٨٣، ٢٣٢-٢٣٣).

دوای مردنی برکەخان لە ساڵی ٦٦٥ك/ ١٢٦٧ز (منکوتمر بن طغای بن باطوخان بن دوش خان بن جنگیزخان ٦٦٥-٦٨١ك/١٢٦٧-١٢٨٢ز) هاتە سەر دەسەڵات و بو بەسەرۆکی هۆزی ئاڵتونی (الدوادري، ١٩٩٨، ١٠٨)، منکوتمرخان بە پێچەوانەی برکەخان ئەو موسڵمان نەبو (القصاب، ٢٠٠٥، ٩٥)، لەگەڵ ئەوەشدا پەرەی بە پەیوەندی دا لە بێبەرس، لە ساڵی (٦٧٠ك/١٢٧١ز) نێردراوێکی نارد بۆ لای بێبەرس، (ابن عبدالظاهر) ئاماژە بەنێردراوی منکوتمرخان دەکات کە هاتونە خزمەتی بێبەرس، ئاماژە بەوە دەکات کەوا بێبەرس لە کاتی گەڕانەوەی نێردراوەکان بۆلای منکوتمرخان نامەیەکی بۆ منکوتمرخان نوسیوە باسی نێردراوی ئبقا و باسی سەرکەوتنەکەی دەکات بەسەر ئبقا لە (بیرە)، کە قەڵایەکی گرنگ بو لەسەر فورات(ابن عبدالظاهر، د.س، ٤١١).

ئەو نێردراوانەی کەوا منکوتمرخان ناردی بۆ لای بێبەرس لە ڕێگادا خاچییەکان گرتنیان و هێنایانن بۆ (عکا)، بەڵام بێبەرس دوای گفتوگۆیەکی زۆر توانی نێردراوەکان ئازاد بکات، دوای ئەوە نێردراوەکان هاتن بۆ لای بێبەرس کە هاتبون بۆ نوێکردنەوەی دۆستایەتی نێوانیان، هەروەها داواکردنی یارمەتی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچە ئیسلامیانەی کەوا لەژێر دەستی نەوەکانی هۆلاکۆ دابون، لە کاتی گەڕانەوەی نێردراوەکان لە ساڵی (٦٧١ك/١٢٧٣ز)، بێبەرس نامەیەك دەنێرێت بۆ منکوتمرخان تێدا باسی ئەو نێرداوانە دەکات کە ناردونی بۆ لای ئبقاخان، باسی سەرکەوتنەکەی دەکات بەسەر ئبقاخاندا لە بیرە، پەیوەندی نێوان بێبەرس مەغۆلی قفجاق پەیوەندییەکی باش و پتەویان بەیەکەوە هەبو، کە بەدرێژایی سەردەمی سوڵتان بێبەرس ئەم پەیوەندیە ئەرێنیە بەردەوام دەبێت (عاشور، ١٩٧٢، ٥٢-٥٣).

**ئەنجام**

پەیوەندیی دیبلۆماسی نێوان دەوڵەتی مەمالیک و هێز و دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەشێکی سەرەکی ستراتیژییەتی پەیوەندی نێوانیان بو بۆ پاراستنی سەقامگیریی دەوڵەتەکەیان و زیادکردنی هەژمونی خۆیان لەجیهانی ئیسلامیدا، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافی میسر و شام، کە وەک ناوەندێک بو بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بۆیە ئەم پەیوەندییانە گرنگییەکی تایبەتییان هەبو، کە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتکراونەتەوە:

١- دبلۆماسـاییەت گـرنگترین ئـامرازە بـۆ چارەسـەر کـردنی نـاکۆکییە نێـودەوڵەتییە کان بەرێـگەی ئاشـتییانە، هەربـۆیە دیبلۆماتکـاران و نـوێنەران ڕۆڵی گەورەیـان گـێراوە لە چەسـپاندنی پەیوەنـدییەکانیان، لە کۆبونەوەکانـدا تیشـکیان

خستۆتەسـەر ئامانجەکـان، لەلایەکی دیـکە ئـاڵوگۆڕی نامەکـان ئـامرازێکی سـەرکەوتو بـو بـۆ مەمالیکـەکان، لەڕێـگەی بەکارهێنانی سیاسەتی توندو نەرم، بەپێی دۆخ و هەلومەرجەکان، نامەکان تایبەتمەندییەکی ئاینیان هەبو، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەنامەکانیاندا.

٢- لەگرنگترین دەرکەوتەکانی تایبەت بە سیاسەتی دیبلۆماسی و ئاڵوگۆڕکردنی دیارییەکان، ڕێزگرتن بو لەپەیوەندییەکان، بۆیە هەر کە شاندەکان گەیشتونەتە میسر بە باشترین شێوە پێشوازییان لێدەکرا، زۆرجار لەکاتی گەڕانەوەی شاندەکان ڕێزلێنان و دیاریی بەنرخی جۆراوجۆریان بۆ پاشا و سوڵتانەکان ناردوە، و ئاڵوگۆڕی نامەو نێرداوان بونەتە خاڵێک بۆ گەیشتن بەئامانجە کاتییەکان وەک پێشەکییەک بۆ ئامانجە بەدیهاتوەکانیان، وەك چۆن لە پەیوەندی نێوان حەفصییەکان و دەوڵەتی مەمالیکیدا دەردەکەوێت.

٣- لەگەڵ موسڵمانبونی مەغۆلی قەفجاق زیاتر بایەخ دراوە بەناردنی باڵیۆز و دیاری لەنێوان هەردولایەن، پەیوەندییەکان لەسەر هەماهەنگی هەوڵەکانیان دژی خاچییەکان و مەغۆلی ئیلخانی هاوکاری سیاسی و ئاینی بونیادنرابو.

٤-بەستنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی دیارییەکان سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەرێنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتی مەملوکی و دەوڵەتی ڕەسوڵی لە یەمەن هەبو، هەروەها دەروازەیەك بو بۆ کرانەوەی بەستنەوەی میسر و شام بە ڕێگا بازرگانیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقیا بە هیندستانەوە.

٥- سەرکەوتنی سوڵتان بێبەرس بەسەر سوارەکانی الاسبتاریەکان، کە نیشتەجێی قەڵای حصن الاکراد بون دەرگای پەیوەندییەکانی ئیسماعیلییەکانی بەڕوی میسردا کردەوە و ناچاری کردن چیتر باج نەدەنە خاچییەکان و گوێڕایەڵی دەوڵەتی مەمالیکیبن و دیاری و بەخششەکانیان لەمەودوا بۆ میسر بنێرن.

٦- بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵات و شەرعیەتدان بە فەرمانڕەواییەکەی لە میسر و جیهانی ئیسلامیدا سوڵتانەکانی مەملوکی پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ حیجازدا هەبو، دیاری و بەخششیان بۆ میری حیجاز دەنارد و بەرگی کەعبەیان نوێدەکردەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


**ابن بطوطة، محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهيم اللواتي الطنجي، أبو عبد الله، (ت: ٧٧٩هـ/١٣٧٧م): (١٩٣٨)** تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار، المكتبة التجارية الكبرى، القاهرة.

**بن تغري بردى، المحاسن جمال الدين يوسف (٨٧٤هـ/١٤٦٨م)** (١٩٩٢م)النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

**الخزرجى، علي بن الحسن بن أبي بكر بن الحسن ابن وهاس الخزرجي الزبيدي (ت٨١٢هـ/١٤٠٩م) (١٩١١)** عقد اللؤلؤية في تاريخ الدولة الرسولية، تح: محمد بسيوني عسل، مطبعة الهلال، مصر.

**ابن خلدون: أبو زيد ولى الدين عبدالرحمن محمد (ت٨٠٨هـ/١٤٠٥م) (٢٠١٠)** تأريخ ابن خلدون، مراجعة: سهيل زكار، دار الفكر للطباع للنشر والتوزيع، بيروت.

**الدواداري، روكن الدين عبدالله بيبرس المنصورى (ت٧٢٥هـ/١٣٢٤م): (١٩٨٢)** كنز الدرر وجامع الغرر، تح: بيرند راتكه، عيسى البابي الحلبي للنشر، القاهرة.

**الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت٧٤٨هـ/١٣٦٨م): (١٩٩٨)** تاريخ الاسلام (وفيات المشاهيروالاعلام)، تحقيق: عمرعبداسلام تدمرى، مطبعة دارالكتاب العربى، بيروت.

**الصنهاجی، أبو بكر بن علي الصنهاجي المكنى بالبيذق (ت:٦٦٨هـ/١٢٦٩م): (١٩٧١)** أخبار المهدى بن تومرت و بدايه دوله الموحدين، دار المنصور للطباعة والوراقة، الرباط.

**شافع بن على بن عباس:(ت٧٣٠هـ /١٣٢٩م)** (١٩٨٩) حسن المناقب السرية المنتزعة من السيرة الظاهرية، تح: عبدالعزيز عبدالله الخويطر، ط٢، الرياض، السعودية.

**الشافعي، عبدالملك بن حسين بن عبدالملك العاصمي الملكي (ت١١١١هـ/ ١٧٠٠م): (٢٠٠٨)** قلادة النحر في أعيان الدهر، دار المناهج، السعودية.

**ابن شداد، عز الدين محمد بن على بن إبراهيم الحلبى (ت٦٨٤هـ / ١٢٨٥م) (١٩٨٣)** تاريخ الملك الظاهر، تح: أحمد حطيط، دار النشر فرانزشتايز بظسبادن.

**ابن عبدالظاهر: محي الدين أبو الفضل عبدالله رشيد الدين بن صفوان المصري (ت٦٩٢ك/١٢٩٢م): (د.س)** الروض الزاهر في سيرة الملك الظاهر، تح: عبدالعزيز الخويطر. **(١٩٦١)** تشريف الايام في والعصور بذكر الملك المنصور، تح: مراد كامل، الشركة العربية، الامارات المتحدة.

**ابن عبدالغفار: أبو الفضل عضدالدين عبدالرحمن بن أحمد (ت٧٥٦هـ/ ١٣٥٥م) (١٩٩٧)** كتاب المواقف، تح : عبدالرحمان عميرة، ط١، دار الجيل، بيروت.

**ابى الفداء: المؤيد عمادالدين إسماعيل(ت ٧٣٢هـ / ١٣٣١م) (د.س)** المختصر في أخبار البشر، ط١، مطبعة الحسينية المصرية، القاهرة.

**العميرى،** أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي (ت 749هـ/١٣٦٩م): **(٢٠١٠)** مسالك الابصار فى ممالك الامصار، دار الكتب العلمية، بيروت.

**القزوينى، أبو عبد الله زكريا بن محمد بن محمود القزويني (ت:٦٨٢هـ/١٢٨٣م): (د.س)** اثار البلاد و أخبار العباد، دار الصادر، بيروت.

**الفاسى، تقي الدين محمد بن أحمد الحسني الفاسى المكي (ت٨٣٢هـ/١٤٢٩م): (١٩٨٦)** العقد الثمين فى تاريخ البلد الامين، ط٢، مؤسسة الرسالة، بيروت.

**القلقشندى، ابو العباس احمد بن على (ت٨٢١هـ/ ١٤١٨م) (١٩١٥)** صبح الأعشى في صناعة الانشا، المطبعة الإميرية، القاهرة.

**ابن القنفذ، أبو العباس أحمد بن الخطيب ابن القنفذ القسنطيني (ت٨١٠هـ/١٤٠٧م): (١٩٦٨)** الفارسية في مبادئ الدولة الحفصية، تح: محمد الشاذلي النيفر و عبدالمجيد التركي، الدار التونسية للنشر، القاهرة.

**المقريزى، تقي الدين أحمد بن عبدالله بن عبدالقادر المقريزى الشافعى (ت٨٤٥هـ/١٤٤١م): (١٩٩٧)** السلوك لمعرفة دول الملوك، تح: محمد عبدالقادر عطا، طبع الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت. **(٢٠٠٠)** الذهب المسبوك في ذكر من حج من الخلفاء والملوك، تح: جمال الدين الشيال، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

**النويري، شهاب الدين بن أحمد بن عبدالوهاب (ت ٧٣٣هـ/ ١٣٣٢م): (٢٠٠٤)** نهاية الارب في فنون الأدب، تحقيق: نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، دار الكتب العلمية، بيروت.

**الهاشمي، حسن بن ابي محمد عبدالله الصفدي (ت ٧١٧هـ/١٣١٧م): (٢٠٠٣)** نزهة المالك و الملوك في مختصر سيرة من ولي مصر من الملوك، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، الطبعة الاولى، مطبعة الحضرية، بيروت.

**ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله (ت٦٢٦هـ/١٢٢٨م): (١٩٩٧)** معجم البلدان، مطبعة دار الصادر، بيروت.

**ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم(ت ٦٩٧هـ/١٢٩٧م): (٢٠٠٤)** مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تح: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، مكتبة العصرية، بيروت.

**العبادي، احمد مختار: (٢٠١٠)** مێژوی ئەیوبی و مەملوکیەکان، وەرگێرانی: نهاد جلال حبيب الله، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

**العريني، سەيد باز: (٢٠٠٨)** مەغۆلەکان، وەرگێرانی: شاخەوان محمەد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**طقوش، محمد سوهيل: (٢٠١١)** مێژوی سەلجوقییەکان، و: دەوەن حەسەن، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**عبدالحكيم، منصور: (٢٠١١)** هۆلاکۆ سەرسەختە ستەمکارەکەی ڕۆژهەڵات و خوێنڕێژی مێژو و دوژمنی شارستانیەت، و: مەشخەڵ کەولۆسی، چ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

**بيتر توراو:** (١٩٩٩) الظاهر بيبرس (اسهام في تأريخ الشرق الآدنى فى القرن الثالث عشر)، ت: محمد الجديد، قدمس للنشر والتوزيع، القاهرة.

**حماد، فايد:** (١٩٩٥) جهاد الاسلامى ضد الصليبين و المغول في العصر المملوكى، مكتبة الاسكندرية، طرابلس . لبنان.

**سرور، محمد جمال الدين:** (١٩٤٧) الظاهر بيبرس وحضارة مصر في عصره، ط١، دار الكتاب المصرية، مصر.

**طقوش، محمد سوهيل: (١٩٩٧)** تأريخ المماليك فى مصر وبلاد شام، ط١، دار النفائس للطباعة والنشر، بيروت.

**عاشور، سعيد عبدالفتاح: (٢٠٠٣)** مصر والشام فى عصر الآيوبين والمماليك، دار النهضة العربية، بيروت.

**مجاهد، محمد محمد : (٢٠٠٧)** مدينه تغز غصن نضير في دوحة التاريخ العربي، ط٢، المكتبة التاريخية اليمنية.

**المديرس، عبدالرحمن مديرس: (٢٠٠١)** المدينة المنورة في العصر المملوكي (٦٤٨-٩٢٣هـ/١٢٥٠-١٥١٧م)، مركز الملك الفيصل للدراسات و للبحوث والدراسات الاسلامية، الرياض.

**المؤلف المجهول:** (١٩٩٣) أخبار سلاجقة الروم من مؤلفات القرن السابع الهجري، تر: محمد السعيد جمال الدين، المركز القومي للترجمة، القاهره.

**بديع عبدالقادر ابراهيم عمرو:** (٢٠١٥) الهدن و المعاهدات في دولة الممالك الاولى (٦٤٨-٧٨٤هـ/١٢٥٠-١٣٨٢م)، رسالة ماجستير تقديم الى كلية الدراسات العليا، جامعة الخليل.

**لكحل نبيلة و خلايفية وفاء:** (٢٠١٩) المماليك وعلاقاتهم بالسلطنة الحفصية خلال القرنيين (٧-٩هـ/١٣-١٥م)، رسالة ماجستير تقديم الى كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة ٨ ماى ١٩٤٥ قالمة.

**القصاب، محمد يونس فلح:** (٢٠٠٥) مغول قفجاق و علاقتهم السياسية بالمماليك و الايلخانين، رسالة الماجستير تقديم الى جامعة الموصل.

**سحر السيد ابراهيم السيد:** (٢٠٢٠)السياسه الخارجيه لدوله الممالك تجاه دوله بنى رسول فى اليمن ٦٢٦-٨٥٨هـ/١٢٢٩-١٤٥٤م، مجله البحث العلمي في الاداب العلوم الاجتماعية و الانسانية، العدد (٢١).

**مصعب حمادى نجم:**( ٢٠٠٨).حصن الاكراد و دورة في الصراع الاسلامي – الصليبى، مجلة أبحاث كلية التربية الاساسية، مجلة (٧)، العدد (٤)، حزيران.

## پەراوێزەکان

**(١) مەمالیکەکان:** بە ڕەچەڵەك تورك بون و لە دەشتاییەکانی قەفجاق لە وڵاتی تورکستان لە ترسی ڕاوەدونانی مەغۆلەکان وەك کۆیلە هێنرانە وڵاتی شام و لە بازارەکانی شام و عێراق و میسردا کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرا، مەلیك صالح نجم الدين ئەیوب بە کڕینی ژمارەیەکی زۆر لەو کۆیلانە و گواستنەوەیان بۆ ناو دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی پێگەی مەملوکەکانی لەناو خاکی میسردا چەسپاند و دواتر توانیان وردە وردە پێگەکانی دەسەڵات بەدەستبهێنن و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکان بێنن لە میسر و دەوڵەتی مەمالیکی دابمەزرێنن. (ابن عبدالظاهر، د.س، ٤٧)

**(٢) سەلجوقی ڕۆم:** یەکێکە لەبنەماڵە تورکەکانی ئەنادۆڵ، دوای سەرکەوتنیان بەسەر ڕۆمەکاندا لە شەڕی مەلازگرد لەساڵی (٤٦٣ك/١٠٧١ز)دا توانیان فەرمانڕەوایی ناوچەکانی ئەنادۆڵ و دەوروبەری بکەن لەماوەی ساڵانی (٤٦٩-٧٠٧ك/١٠٧٧-١٣٠٨ز)دا و پایتەختەکەشیان شاری (نیقیه) بو، ئەم دەوڵەتە لەدوای مردنی فەرمانڕەوا (کیقوبادی دوەم). لە ساڵی (٦٥٥ك/١٢٥٧ز) دەسەڵاتی سەلجوقی بەرەو لاوازی هەنگاوینا و دەسەڵات دابەشی دو جەمسەر بو، کە براکانی (کیقوبادی دوەم) دەوڵەتی سەلجوقیان لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی (هۆلاکۆ)ی مەغۆلی لەنێوان خۆیان دابەشکرد، (قلج ارسلانی چوارەم) بەشی ڕۆژهەڵاتی بەرکەوت و (کیاوسی دوەم) بەشی ڕۆژئاوای بەرکەوت، بەهۆی ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئەو دو دەسەلاتدارە، دەوڵەتی سەلجوقی بەرەو لاوازی ڕۆیشت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن خلدون، ٢٠١٠، ١٧٣/٥).

**(٣) ئامەد:** قەڵایەکە لە هەرێمی جزیرە دەکەوێتە سەر ڕوباری دیجلە. بڕوانە: (القزويني، د.س، ٤٩١).

**(٤) شەری بستان:** یەکێکە لە شارە ناسراوەکانی وڵاتی ڕۆم، موسڵمانەکانی تێدانیشتەجێ بون، شارەکە لەدەست سەلجوقیکاندا بوە و فەرمانڕەوایی ئەم شارەیان کردوە، کۆتا شەری نێوان سوڵتان بێبەرس و مەغۆلەکان لەم شارەدا ڕوی داوە بۆیە بەم ناوە ناونراوە. بڕوانە (الحموى، ١/ ٧٥) .

**(٥) موەحەیدینیەکان**: بنەماڵەیەکی موسڵمان بون لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە تونس دەسەڵاتیان گرتە دەست و دەوڵەتی موحەیدینیان دامەزراند، کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆری ئەفریقیادا هەبو، کە دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی لیبیاوە درێژ دەبوەوە تا ڕۆژئاوای مەغریب، دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە (محمد بن تومرت) بو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الصنهاجی، ١٩٧١، ١١-١٢).

**(٦) ئیسماعیلییەکان:** گروپێك بون لە گروپە سەرەکییەکانی شیعە، کە باوەڕیان وابو لەدوای جەعفەری صادق (١٤٨ك/٧٦٥ز) ئیسماعیلی کوڕە گەورەی بوە بە ئیمام لەسەر ئەو بنەمایەی کە کوڕە گەورەی ئیمامی پێشوتر دەبێتە ئیمام، بەمەش شیعە جارێکی تر دابەشبونێکی گەورەی بەخۆ بینی، ئەم گروپەی کە جیابونەوە ناوی ئیسماعیلی لێندرا، لەگەڵ ئەوەی ئیسماعیل لەژیانی باوکیدا مرد، بەڵام ئەمان وتیان ئیمامەت گواستراوەتەوە بۆ محمدی کوڕی ئیسماعیل، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم گروپە چەند ناوێکی تری هەبوە وەکو (الباطنیه، سبعیه) (ابن عبدالغفار، ١٩٩٧، ٣/٦٧٤،٦٧٥).

**(٧) سوار الاسبتاریەکان:** ئەم سوارانە لەساڵی (٤٩٢ك/١٠٩٩ز) لەلایەن (قەدیس یوحەننا)وە دامەزران، بۆیە پێشیان دەوترا سوارەکانی (قەدیس یوحەننا)، ئەم سوارانە زیاتر گروپێکی سەربازی مەسیحی بون و بەشداری شەڕی خاچپیەکانیان دەکرد، بەڵام لە سەردەمی بێبەرسدا ئەو سوارانە ئەرکیان پاراستنی قەڵای (حصن الاكراد) بو، بەڵام بێبەرس دەستی بەسەر ئەم قەڵایەدا گرت وکۆتایی پێهێنان (نجم، ٢٠٠٨، ٢٥٢،٢٤١-٢٥٣).

**(٨)عین جالوت:** یەکێکە لە گرنگترین شەڕەکان لە مێژوی مەمالیك و مەغۆلدا، کە لە (٣)ی ئەیلولی (١٢٦٠ز)دا لە وڵاتی شام لە نزیك دیمەشق لە نێوان سوپای مەملوکەکان بە سەرۆکایەتی سەیفەدین قوتز و هێزەکانی مەغۆل بە سەرۆکایەتی کیتبوغا ڕویدا، ئەم شەرە بەسەرکەوتنی مەمالیکەکان و یەکەمین شکستی مەغۆل کۆتایی پێهات و پێشڕەوی مەغۆلەکان بۆ داگیرکاری جیهانی ئیسلام شکستی هێنا (ابن تغری بردی، ١٩٩٢، ٨٢/٧).